# ڕەهەند و کاریگەرییەکانی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان

28-09-2025

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** کاژێرەکانی بەرەبەیانی ڕۆژی 27ی ئەیلوول 2025 نەوتی هەرێمی کوردستان بە بۆری و بۆ بەندەری جەیهان هەناردە کرایەوە، ئەم ڕێککەوتنە سێقۆڵییە لێکەوتەی ڕاستەوخۆی لەسەر کۆی کەرتی وزە لەهەموو عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێت سەرەڕای مانەوەی سێ دۆسیە بەهەڵپەسێردراوی بۆ ساڵی 2026

کاژێرەکانی بەرەبەیانی ڕۆژی 27ی ئەیلوول 2025 نەوتی هەرێمی کوردستان  بە بۆری و بۆ بەندەری جەیهان هەناردە کرایەوە، ئەم ڕێککەوتنە سێقۆڵییە لێکەوتەی ڕاستەوخۆی لەسەر کۆی کەرتی وزە لەهەموو عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێت سەرەڕای مانەوەی سێ دۆسیە بەهەڵپەسێردراوی بۆ ساڵی 2026

ئێستا هەرێمی کوردستان لە هەموو کێڵگە نەوتییەکان ڕۆژانە بڕی 285 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنێت، باس لە هەناردەکردنەوەی 190 هەزار بەرمیل  دەکرێت لە ڕۆژانی سەرەتا، چونکە هەرچەندە کۆمپانیای دی ئین ئۆ و گەنەل ئینرجی پشکەکانی خۆیان لەکێڵگەی تاوکی پێشابوور بە بازاڕی نێوخۆ دەفرۆشن، بەڵام ئەو بڕەش جارێکی دیکە دەخرێتە بۆرییەوە بۆ هەناردەکردن، وەکو لە راگەیاندراوەکەی ڕۆژی هەینی 26-09-2025 دی ئین ئۆدا هاتووە.

 زیانەکانی ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ بەندەری جەیهان لەماوەی دوو ساڵ و شەش مانگدا  تەنیا بڕی 28 ملیار دۆلار لە هەر سێ لایەنی پەیوەست بەم کەرتەوە نەبووە بەڵکو ڕاگرتنی ملیاران دۆلاری دیکەی وەبەرهێنانی کۆمپانیاکانیش بووە لەم کێڵگانەدا ، لەوانە هەڵکۆڵینی بیری نەوتی نوێ، کڕینی تەکنەلۆژیای نوێ و نوێکردنەوەی ئامێرەکان، ڕاگرتنی خەرجی پەرەپێدانی کێڵگەکان بۆ بەرهەمهێنانی نەوتی زیاتر و کەمکردنەوەی خەرجی بەکارخستن، ئەمانە دەبێ  بخرێنە سەر ئەم زیانانەی لەماوەی ڕابردوودا بەر ئەم کەرتە کەوتووە.

کاتێک نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردەی بازاڕەکانی جیهان دەکرێتەوە، لێکەوتەی ڕاستەوخۆی لەسەر خەرجی سەرمایە CAPEX و خەرجی بەکارخستن OPEX ـی کۆمپانیا نەوتەییەکان بۆ چارەکی یەکەمی ساڵی داهاتوو دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر تەماشای ڕاپۆرتی دارایی و کارکردنی کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان لەدوای ئاداری 2023ـەوە بکەین، بەڕوونی دەبینین نەک بەڕاگرتنی خەرجی وەبەرهێنان نەوەستا بەڵکو کار گەیشتە بەرهەمهێنانی نەوت بەکەمترین تێچوو، ئێستا، ڕێککەوتن کراوە لەیەکەمین ڕاگەیێنراوی کۆمپانیایەکی وەکو دی ئین ئۆ ئاماژە بەهەڵکۆڵینی 8 بیری نەوتی نوێ و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لەکێڵگەی تاوکی و پێشابوور بۆ 100 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە لەساڵی داهاتوودا دەکات.

ڕۆژانی 7 و 8ی ئەم مانگە لەکاتی بەڕێوەچوونی کۆڕبەندی نێودەوڵەتی  وزەی بەغدا یەکێک لە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیا گەورەکانی کەرتی خزمەتگوزاری نەوت ئاماژەی بەوەکرد چۆن ڕاگرتنی هەناردەی نەوت کاری کردووەتە سەر ڕاگرتنی کارەکانیان و گواستنەوەی کارمەندەکانیان کە نزیکەی 100 کارمەند بووە لە هەرێمی کوردستان بۆ ناوچەکانی باشووری عێراق، هۆکاری سەرەکیش کەمبوونەوەی خەرجی کۆمپانیاکان و نەبوونی کاری نوێ بۆ هەڵکۆڵینی بیری نوی نەوتی لەو کێڵگانەدا کەوا پێش ئاداری 2023، کارییان بۆ چەند کۆمپانیای جیاواز دەکرد، کە هەناردەکردنەوەی نەوت دەستپێدەکاتەوە واتە گەڕانەوەی ئەو کۆمپانیا خزمەتگوزارییانەی نەوت و کەوتنەوە کاری دەیان کۆمپانیای خزمەتگوزاری دیکەی نیوخۆی لەم کەرتەدا.

لێکەوتەیەکی دیکەی ڕاستەوخۆ پەیوەست بە هەناردەکردنەوەی نەوتەوە پشکی کۆمپانیاکان، بۆ نموونە پشکی کۆمپانیای گەڵف کیستۆن بەریتانی لە 20ی ئەیلوول تاوەکو بەرەبەیانی 26 ئەیلوول لە 174 سەنتی پاوەنەوە زیادیکردووە بۆ 208 سەنت پاوەن. هەروەها، پشکی کۆمپانیای دی ئین ئۆ لە 15ی ئەیلوولەوە تاوەکو ئێستا لە 14 کرۆنەوە بۆ هەر پشکێک زیادیکردووە بۆ 16 کرۆن. ڕاستە ئەم بەرزبوونەوە پەیوەستە بە قازانجی هاوبەشەکانی ئەو کۆمپانیانەوە، بەڵام کاریگەری ڕاستەوخۆ و درێژخایەنی لەسەر نرخ و بەهای کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دەبێت.

هەناردەکردنەوەی نەوت بە بۆری بۆ بەندەری جەیهان واتە دوو هێندەبوونی نرخی بەرمیلێک نەوت و فرۆشتنی بەپێی کوالیەتییەکەی لە نرخی برێنت، ئەگەر کوالیتییەکەی باشتر بێت ئەوا بەسەروو نرخی برێنت دەفرۆشرێت ، بەڵام ئەگەر کوالیتیەکەشی نزمتر بێت ئەوا بەو نرخەی ساڵانی 2014 تاوەکو 2023 نابێت کە نزیکەی 10 بۆ 12 دۆلار کەمتر بەڵکوو نزیک یان بە یەک تا دۆلار دۆلار کەمتر لەنرخی ئەمڕۆ برێنت کە 68 دۆلارە دەبێت، چونکە بەفەرمییە و کەس داوای یاسای لە دادگە نیوبژیوانەکانی لەندەن و پاریس لەسەر تۆمار ناکات.

هەروەها، لەماوەی دوو ساڵ و شەش مانگی ڕابردوودا وەک لە ڕاپۆرتی کۆمپانیاکان هاتووە بەرمیلێک نەوت بە نرخی 27-28  دۆلار بۆ کێڵگەی شێخان، بەنرخی  خوار 30 دۆلار بۆ نەوتی تاوکی پێشخابوور و بەنرخی   33-34 دۆلار بۆ نەوتی ئەتروش و سەرسەنگ، بەڵام ئێستا نرخی هەر بەرمیلێک نەوت بەنزیکەیی دەگاتە دوو هێندە و زیاتر بۆ ڕۆژەکانی چارەکی چوارەمی ئەمساڵی هەر کۆمپانیایەک.

## ڕەهەندەکانی ڕێککەوتنی سێ قۆڵی بۆ ئێستا و داهاتوو

ئەگەر تەماشای بڵاوکراوەکانی ئەم سێ لایەنەی نێو ڕێککەوتنەکە بکەێن ئەوا دەبینین وەزارەتی نەوت و حکومەتی عێراق بەگەڕانەوەی سەروەری بۆ سامانی گشتی وڵات و چارەسەرکردنی دوای هەژدە ساڵ باسی لێوەدەکات، لەبەرامبەردا هەرێمی کوردستان بە

بەستنەوەی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بە بازاڕەکانی جیهان و کۆمپانیاکانیش بە پاراستنی ماف و شایستەکانیان ئاماژەی بۆ کردووە، هەرچۆنێک لێکدانەوەی بۆ بکرێت ئەم ڕێککەوتنە چوار ڕەهەندی نیوخۆی لێدەکەویتەوە:

یەکەمیان، گەڕانەوەی متمانەیە بە وەبەرهێنان لە ژینگەی وزەی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکانی وزە لەم ناوچەیەی جیهان، ئەویش دوای ئەوەی کە ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە IEA لەنوێترین ڕاپۆرتیدا مەترسی لە دابەزینی وەبەرهێنان لە کێڵگە نەوتی و گازییەکانی جیهان خستەڕوو بەهۆی دابەزینی ئاستی وەبەرهێنان لەو کێڵگانەی نەوتی لێوە بەرهەدێت ئاسایشی وزەی جیهان دەکەوێتە بەر مەترسییەوە، کە هەموو کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان لەوماوەیەدا دەکەوێتە ئەم چوارچێوە. ئەم ڕێککەوتنە و گەڕاندنەوەی نەوت بۆ بازاڕەکانی جیهان و فرۆشتنی بەنرخی بازاڕەکان وادەکات دووبارە وەک ساڵانی پێش ئادار 2023 وەبەرهێنان تێدا چالاک بێتەوە و کۆمپانیا گەورەکان بگەڕێنەوە بۆ وەبەرهێنان لەم کەرتەدا.

دووەمیان، دانان بە گرێبەستە نەوتییەکان و پاراستنی ماف و خاڵی نیو ئەم گرێبەستانە کەوا هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی نەوتدا ئەنجامیداوە، کە ئەمەش سەرەڕای هاندانی ژینگەی وەبەرهێنان لە کەرتی وزەی عێراق و هەرێمی کوردستان و گەڕانەوەی متمانە بۆ وەبەرهێنەران، چونکە ماف و شایستە داراییەکانیان بەپێی گرێبەستی واژۆکراو پارێزراو دەبێت.

سێیەمیان، دەرخەری ئەو ڕاستیەش کە هەوڵەکانی پێشووی عێراق بۆ ناساندنی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بەنایاسی پووچەڵدەکاتەوە، چونکە بەپێی گرێبەستەکانیان شایستە داراییەکانیان پێدەدرێت دوای تەواوبوونی کارەکانی کۆمپانیای راوێژکاری بۆ تێچووی بەرهەمهێنانی بەرمیل نەوت و مافی قازانجیان لەو کێڵگانەوە.

چوارەمییان، پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان هەولێر و بەغدایە لەسەر پابەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەرووی نەوتەوە، کە ئێستا نەوتی هەرێمی کوردستان سۆمۆ بفرۆشێت، ئایا بەغدا بەتەنیا مووچە دەنێریت یان پشکی بودجەی هەرێمی کوردستان لە دەوڵەتی فیدراڵ؟ چونکە دەیەی رابردوو ئەم پەیوەندییە ئابوورییە وەک ئەوەی لە بودجەی ساڵانە بۆ هەرێمی کوردستان دانراوە لەگەڵ ئەوەی نێردراوە وەک ئەو خشتەی خوارەیە، ئایا ئەمە دەگۆڕێت یان چی لێدێت باچاوەڕوانی مانگەکانی دوای هەڵبژاردنی 11ی 11ی 2025 پەرلەمانی عێراق بین، ئەگەر بکرێت.

**خشتەی 1: پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق و خەرجییەکانی لە وەزارەتی داریبەوە 2015-2024**

| ساڵ | جۆری | بڕی دانراو لە بودجە بۆ بەکارخستن | بڕی دانراو لە بودجە بۆ وەبەرهێنان | کۆی گشتی خەرجی بەپێی بودجە | بڕی خەرجکراو لە وەزارەتی دارایی بۆ بەکارخستن | بڕی خەرجکراو لە وەزارەتی دارایی بۆ وەبەرهێنان | کۆی گشتی خەرجکراو لە وەزارەتی دارایی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2015 | کۆی گشتی خەرجییەکان | 78,248,392,443,000 | 41,214,037,106,000 | 119,462,429,549,000 | 51,832,839,243,623 | 18,564,676,216,776 | 70,397,515,460,399 |
| | **حکومەتی هەرێمی کوردستان** | **9,296,559,702,000** | **5,520,915,288,000** | **14,817,474,990,000** | **2,457,750,226,249** | **44,135,000,000** | **2,501,885,226,249** |
| 2016 | کۆی گشتی خەرجییەکان | 80,149,411,081,000 | 25,746,311,538,000 | 105,895,722,619,000 | 51,173,425,329,719 | 15,894,008,591,247 | 67,067,433,920,966 |
| | **حکومەتی هەرێمی کوردستان** | **9,185,000,567,000** | **3,882,323,511,000** | **13,067,324,078,000** | **0** | **0** | **0** |
| 2017 | کۆی گشتی خەرجییەکان | 75,217,142,790,000 | 25,454,018,000,000 | 100,671,160,790,000 | 59,025,654,216,968 | 16,464,461,221,812 | 75,490,115,438,780 |
| | **حکومەتی هەرێمی کوردستان** | **7,568,374,894,000** | **4,036,653,941,000** | **11,605,028,835,000** | **0** | **0** | **0** |
| 2018 | کۆی گشتی خەرجییەکان | 79,508,071,596,000 | 24,650,112,138,000 | 104,158,183,734,000 | 67,052,856,085,140 | 13,820,332,662,927 | 80,873,188,748,067 |
| | **حکومەتی هەرێمی کوردستان** | **5,210,783,447,000** | **386,749,347,000** | **5,597,532,794,000** | **2,862,368,778,714** | **0** | **2,862,368,778,714** |
| 2019 | کۆی گشتی خەرجییەکان | 100,059,110,004,000 | 33,048,506,408,000 | 133,107,616,412,000 | 87,300,932,640,255 | 24,422,590,414,111 | 111,723,523,054,366 |
| | **حکومەتی هەرێمی کوردستان** | **8,198,700,391,000** | **1,584,325,420,000** | **9,783,025,811,000** | **5,443,562,482,562** | **0** | **5,443,562,482,562** |
| 2020 | کۆی گشتی خەرجییەکان | | | | 72,873,537,541,404 | 3,208,905,372,539 | 76,082,442,913,942 |
| | **حکومەتی هەرێمی کوردستان** | | | | **2,401,583,435,109** | **0** | **2,401,583,435,109** |
| 2021 | کۆی گشتی خەرجییەکان | 100,856,139,482,000 | 29,136,869,809,000 | 129,993,009,291,000 | 89,526,686,305,251 | 13,322,973,442,176 | 102,849,659,747,427 |
| | **حکومەتی هەرێمی کوردستان** | **8,161,000,000,000** | **3,321,384,940,000** | **11,482,384,940,000** | **1,003,000,000,000** | **0** | **1,003,000,000,000** |
| 2022 | کۆی گشتی خەرجییەکان | | | | 104,941,090,861,952 | 12,018,490,830,070 | 116,959,581,692,022 |
| | **حکومەتی هەرێمی کوردستان** | | | | **400,000,000,000** | **0** | **400,000,000,000** |
| 2023 | کۆی گشتی خەرجییەکان | 133,221,694,002,000 | 65,688,649,588,000 | 198,910,343,590,000 | 118,242,777,445,694 | 24,192,858,852,201 | 142,435,636,297,895 |
| | **حکومەتی هەرێمی کوردستان** | **13,428,663,041,000** | **3,069,208,048,000** | **16,497,871,089,000** | **0** | **0** | **0** |
| 2024 | کۆی گشتی خەرجییەکان | 133,221,694,002,000 | 65,688,649,588,000 | 198,910,343,590,000 | 125,214,044,053,991 | 25,313,302,223,674 | 150,527,346,277,665 |
| | **حکومەتی هەرێمی کوردستان** | **13,428,663,041,000** | **3,069,208,048,000** | **16,497,871,089,000** | **10,786,352,903,560** | **0** | **10,786,352,903,560** |

لەکۆتاییدا، ئەگەر هەموو شتەکان وەک ئەم ڕێککەوتنە سێقۆڵییەی ئێستا بێت لەسەری پرسی هەناردەکردنەوەی نەوت بۆ بەندەری جەیهان، هێشتاش سێ دۆسیەی زۆر گەورە و گرنگ بۆ ڕۆژ و مانگەکانی داهاتوو پەیوەست بەنەوتی هەرێمی کوردستان لەئارادایە، ئەوانیش مانەوەی قەرزی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت بەچارەسەرنەکراوی کەوا لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن کە بۆ پێنج کۆمپانیا بەپێی ڕاپۆرتەکانیان دەگاتە سەروو 885 ملیۆن دۆلارە وەک ئەم خشتەی خوارەوە.

**خشتەی 2: قەرزی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت IOC لەلای هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی چارەکی کۆتایی 2022 و چارەکی یەکەمی 2023**

| ناوی کۆمپانیا | لۆگۆ | بڕی قەرز بە دۆلار | تێبینی |
|---|---|---|---|
| کۆمپانیای دی ئین ئۆ | DNO | 298.1 | |
| کۆمپانیای گەنەل ئینرجی بڕی | Genel Energy | 107 | |
| کۆمپانیای شاماران | SHAMARAN petroleum corp | 96.7 | |
| کۆمپانیای ئیچ کەی ئین | HKN ENERGY LTD. | 190.7 | |
| کۆمپانیای گەڵف کیستۆن | GKP | 192.8 | |
| کۆمپانیای ویسترن زاگرۆس | westernZAGROS | | بڕی قەرزی کۆمپانیای ویسترن زاگرۆس ئەمریکی، دیار نییە، کە ئەندامی ئەپیکۆر، بەهۆی نەبوونی ڕاپۆرتی |
| کۆمپانیای هەنت ئۆیڵ | Hunt OIL COMPANY | | بڕی قەرزی کۆمپانیایهەنت ئۆیڵی ئەمریکی، دیار نییە، کە ئەندامی ئەپیکۆر، بەهۆی نەبوونی ڕاپۆرتی دارایی ساڵانەوە لە 2018وە. |
| کۆی گشتی | | 885.3 | |

دۆسیەی دووەمیان گفتوگۆکانی نێوان ئەنقەرە و بەغدایە لەبارەی ڕێککەوتنێکی نوێ بۆ بەکارهێنانی بۆری هەناردەکردنی نەوت لەدیوی تورکیا و، تەواوبوونی کاتی ڕێککەوتنەکە لە تەمموزی ساڵی داهاتوودا.

دۆسیەی سێیەمیان ئەگەرەکانی هاتنەئارای حکومەتی نوێ لە هەرێمی کوردستان کەلەوانەیە گۆڕانکارییەکی گەورە لەم پرسە نەبێت، بەڵام بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ لەعێراق هەر گۆڕانکارییەک لە نەخشەی داهاتووی پەرلەمانی عێراق بهێنێتە ئاراوە ئەوا ئاستەنگیش لەم پرسەدا دێتەپێشەوە، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی ئەم ڕێککەوتنە بۆ ئەم سێ مانگەی کۆتایی ساڵە و هەربۆیەش پێویستە چاومان لەسەر گۆڕانکارییەکانی ڕۆژانی داهاتوو بێت بۆ ساڵی نوێ.